# نهێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی هەولێر

# بەرهەمی شەڕی ناوخۆنو بەرپرسی گەورەی تێدایە

ستاندەر

لەکاتی هەڵکەندنی بناغەی بینایەك لەسەر ڕێگای عەنکاوەی شاری هەولێر گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە،پاشان گۆڕێکی تریش دۆزرایەوە،ڕەنگە زیاتریش بدۆزرێتەوە، پاش لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕەکان دەرکەوت هەموویان کوردن و لەئەنجامی تاوانەکانی شەڕی ناوخۆدا کوژراون ، مەزندە دەکرێت بەرپرس و کوڕی بەرپرسی گەورەی تێدا بێت. هەروەها مەزەندە دەکرێت گۆڕی تری هاوشێوەی ئەوە بدۆزرێتەوە و دیسان کۆمەڵێك نهێنی و تاوانی تری برا کوژی ئاشکرا ببێت، تاوانێك کە بەرپرس و سەرکردەی گەورەی کوردی تێوە گلاوە، بەوەشەوە نەوەستاون کۆمەڵێك دادوەر و لێکۆڵەر و حاکمیشیان تێوە گلاندووە، هەموو ئەوانەش ئێستا لەسەر ساحەی سیاسی وا خەریکی کاری سیاسی و یاسایی خۆیانن، بۆیە جاریَ بێ دەنگیان لێکردووە .

ڕێژەی قوربانیانی شەڕی ناوخۆ گەلێك زۆرە، زۆر شێوە و ئامرازیش بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە گیراونەتە بەر، بە دیل کوشتن، ناشتنی بەکۆمەڵ، کوشتن بە ئازار و ئەشکەنجە،.. سەرەرای هەموو ئەوانەش بەشێکی زۆریش لەوانە بێ سەرو شوێنن و تا ئێستا چارەنوسی گۆڕ و دۆسیەیان دیار نیە، ڕەنگە ئەوانیش ئەنفال ئاسا لەژێر گڵ نرابن، ئیتر باچی تر نەڵێین ١٨٢٠٠٠ ئەنفالمان هەیە، پێویستە ئەو ٣٠٠ تا ٤٠٠ بێسەرو شوێنەی پارتی و یەکێتیو یەکەکەو ئیسلامی بەرامبەر یەك کردوویانە زیاد بکەین و بڵێین ئەنفالەکان ١٨٢٤٠٠ کەسن، ئەوانەی کوژران وشەهید بوون ماتەمینیان بۆ دانرا و ئەوەی بێوەژن ماوە چارەسەری خۆی کرد دایك و باوك تازیەیان ڕەواندەوە، بەڵام ئەوانەی بێ سەرو شوێنن ئەوە نزیکەی دوانزە بۆ حەڤدە ساڵە کەسوکاریان لە چاوەڕوانی هەواڵیاندان و شەوانە خەویان پێوە دەبینن، هەر چەندە ئێستا بارودۆخی کوردستان بەڕادەیەکی باش بەرەو باش بوونە، بەڵام تاکو ئێستاش هێشتا ئاسایش و دامودەزگای حیزبی بێ ناونیشان بەسەر یاسا بازدەدەن و خەڵك دەرفێنن، هێشتا هەر لایەك لە مەملەکەتی خۆیەوە تاوان دەکات، ئەوانەش وایان کردووە بەردەوام ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی لەسەر خراپی بارودۆخی مرۆیی لە کوردستان بڵاوببێتەوە، لە ئەنجامی ئەوانەشدا هەرچی دۆستە نێودەوڵەتیەکانی کورد هەن توشی شۆك هاتوون ، چۆن ئەو کوردەی کە جیهان بەرگری لێ دەکرد لەسەر ئەو زوڵمانەی لێی دەکرا وا ئەمڕۆ لەنێو خۆیاندا زولم لەیەکتری دەکەن.

بەبۆنەی دۆزینەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە جارێکی تر کەسوکاری بێ سەروشوێن بووەکان کەوتنە سۆراغی ئازیزانیان، لەونێوانانەدا هەندێ زانیاری دەسکەوتوون لە زاری ئەوانەی کە لەو جۆرە زیندانیە بوونە لەگەڵ بەشێك لەو بێ سەروشوێن بووانە،بەگوێرەی ئیفادەی کەسوکاریان بەلایەنی کەم دووکەس لەوانەی زیندانی بوونە لەگەڵ ئەوانەی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکەدانێژراون ماون،

یەکێکیان دانیشتووی هەولێرە و ئەوویتریان ئاکرێ ییە، ئەوان لایەك لەو دیمەنانەیان بۆ کەس وکاری ئەوقوربانیانە دەگێڕنەوە کە لەو زیندانەدا بینیویانە و پاشان بێ سەروشوێن بوون.. ئەمە قسەی یەکێك لەو زیندانیانەیە:

«ئەو زیندانە لە نزیك (م.س) لەسەر ڕێی عەنکاوە بووە، ژێرەوەی زیندان بوو، کاتێ ئێمە تیایدا دەست بەسەر کراین کاتەکە شەو بوو بە چاو بەستراویی بۆئەوێ گواستراینەوە، زیندانیەکانی نێو زیندانەکە زانیاریان لەسەر ئەو زیندانە پێ دان، زیندانەکە دوو ناوی هەبوو، لە ناوەوە پێیان دەوت «کەبس» چونکە هیچ مەنفەسێکی نەبوو، لەلایەکی تر دادوەر و لێکۆڵەرەوەکان ناویان نابوو»قەسری نیهایە»، لە دەستبەسەر کراوێك بە ناوی»پشتیوان» پرسیم، مەبەست لە قەسری نیهایە چیە؟ وتی ئەو قەسرەیە کە «نازم گزاری» بەڕێوەبەری ئەمنی عێراق دروستی کردبوو لە ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٢، کە هەرکەسێك بۆ ئەو شوێنە بگوازرایەتەوە کۆتایی و نیهایەتی ئەو بوو ، جارێکی تر دەربازبوونی ئەستەم بوو، پرسیم دەربارەی ئەوەی ئایا تائێستا کەس لەو زیندانەدا دەرچووە وتی: دەرچوون مەحاڵە و هەمووان لە چاوەڕوانی مەرگداین، لەبارەی هۆکاری گیرانیشان وتی من محامیم ئەوانەی ئێرە هەریەکەو بە تۆمەتێك و شوبهە دەسگیر کراوین،ووتم لەسەرچی گیراون کەسی سەر بە بەعسی تێدایە ووتی نەخێر هەموی لە حزبە کوردستانیەکانن، لەو کاتە وام هەست کرد ئەوە کۆتایی ژیانی منە، لەو ساتە وەخاتەدا هیچ شەڕێك نەبوو بەڵکو ماوەی نێوان خولی یەکەمی شەڕی ناوخۆ و دووەم بوو ، سەرکردەکانی هەردوو حیزبەکە لەگەڵ یەکتر دانیشتیان ئەنجام دەدا ساڵانی(١٩٩٣–١٩٩٤)، زیندانەکە لە

چەند قاوشێك پێكهاتبوو، ئەوانەی بینیم بەند كرابوون نزیكەی ٥٣ كەس بووین، بەڵام كۆمەڵ كۆمەڵ بەرێ دەكران و خەڵكی تر دەهاتنە جێیان، ئەوانەی بەرێ دەكران بەسەیارەیەكی جیمسی جام ڕەشی تایە باڵۆن وەك باس دەكرا ڕاستەوخۆ بۆ ڕەمی كردن دەبران، بەڵام من كەسم نەبینی ڕەمی بكرێت بەڵام دەبردران وجارێكی تر نەمان دەبینینەوە، بەم شێوەیە هەركات ئەو سەیارە ڕەشە دەردەكەوت ئێمە دڵمان لەناو دەستمان بوو تا دەڕۆیشت، ئەوەی زۆر كاریگەری لەسەرم دروست كرد بینیم یەكێك بە ناوی «شاهۆ» لای ئۆتۆمبێلەكە ئەژنۆی شكابوو نەی دەتوانی سەركەوێتە

تەنانەت خەڵكی خۆشیانی تێدابوو، لەوانە مێردمنداڵێكی داماو بوو بەناوی «سەعید» كە هیچی لە سیاسەت نەدەزانی، پرسیم بۆ گیراویت ؟ وتی من كوڕی مەلا عوسمانی بزوتنەوەی ئیسلامیم»، سەبارەت بۆ هۆكاری گیرانیان وتی « من لەگەڵ كوڕە خوشكێكم لەگەرەكی ئیسكانی شاری هەولێر كامیرایەكمان پێ بوو بە بەردەم یەكێك لە بارەگاكانی ئەوان ڕەت بووین، ڕاستەوخۆ كامیراكەی لێوەرگرتین وئێمەش بۆ وەرگرتنەوەی چوینە بارەگاكە، كاتێك منیان ناسی ڕاستەوخۆ بروسكەیان بۆسەركردایەتی كرد و ئێمەیان بۆ سكرتاریەت ڕاپێچ كرد و دوای شەوێ بۆ ئەو زیندانیە نەقڵ كراین، بەڵام

یادم بێت وەجبەیەكیان ٨\٢٢ و یەكێكی تر ٩\٣ و ئەوی تر١٠\٣ بوو(تێبینی ئەوەی ئەو زانیاریەی ناردووە ئەو بەروارەی ئاوا نوسیوە ساڵەكەی نەنوسیوە بەڵام وا پێدەچی ساڵ ١٩٩٣ بێت)، وەجبەیەكیان دەكەس بوو، پاشان بەرە بەرە بە ئۆتۆمبێلە جام ڕەشەكە دەبران. ئەگەر چی من پێم وابوو كوڕانی مەلا عوسمان واسیتەیان بۆ دەكرێت بەڵام دوای ماوەیەك ئەوانیش بزربوون نەم زانی بەرەو كوێ بران، بەڵام نەمزانی ئەوانیش بەهەمان ئۆتۆمبێل بران یاخود نا، سۆراخی ئەوانم لای چەند برادەرێكی ئەوێ كرد كەس هیچی لەبارەیانەوە نەدەزانی تەنها دەیان ووت كەس لێرە بە زیندوویی دەرباز



ناو ئۆتۆمبێلەكە، بۆیە بەچوار كەس بەرزیان كردەوەو فڕێیان دایە ناو سەیارەكە، ئەوەی جێگای سەرنجی من بوو ئەوەبوو ئەو زیندانە هەموو جۆرە خەڵكێكی تێدا بوو، من دەمزانی خۆم بۆگیراوم، بەڵام ئەوەی سەیر بوو خەڵكی شیوعی و معارەزەی عێراقی و

ئەو دووە وەكو خەڵكەكەی تر زۆر دڵتەنگ نەبوون چونكە وای بۆ دەچوون بە واسیتە ئازاد دەكرێن،دەیان ووت باوكم وسەرۆكی ئەو حزبە زۆر برادەرن، هەندێ لەبەروارەكانی دەزگیركردنی ئەو زیندانیانەم لەبیرە، چونكە هیچ قەڵەم و كاغەزێكی لێ نەبوو، ئەوەی لە

نابێت، ئەو زیندانە ئەوەندە نهێنیە جگە لە چەند كەسێكی زۆر نزیك و تایبەتی نێو بەندیخانەكە كەسی تر هیچی لەبارەوە نازانێت، ژمارەی زیندانیەكان پەنجا كەس بوون، بەڵام نەمدەزانی لە دەوروبەری ئێمە زیندانی لەو شێوە هەیە یاخود نا...